## بەند و مەرجەکانی (هێڵی کۆنترۆڵ سوپەر بۆ بازرگانی)

(1) تکایە ئەم بەند و مەرجانە بە وردی بخوێنەرەوە پێش ئەوەی بگەیتە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان و دەتوانیت کۆپییەکی ئەم مەرجانە چاپ بکەیت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەکاریان بهێنیت.

(2) زاراوە دەستەواژەییەکانی "بەکارهێنەر، بەکارهێنەران" کە لەم بەند و مەرجانەدا هاتوون ئاماژەن بۆ بەشداربوو/بەشداربووانی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ بۆ پەیوەندییەکان – پشکداریی تایبەت.

(3) بەند و مەرجەکان و شێوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەلایەن ئاسیاسێڵەوە بۆ بەشداربووان دیاریدەکەن. ئەم مەرجانە و هەر مەرجێکی تری تایبەت بە خزمەتگوزاری و گرێبەستی نێوان ئاسیاسێڵ و بەشداربوو، سروشتی پەیوەندیی نێوانیان پێکدەهێنن.

(4) کۆمپانیا و دامەزراوە و خاوەن کارەکان دەتوانن هێڵی **کۆنترۆڵ سوپەر** بەدەستبهێنن ئەگەر داوای بکەن و مەرج و بەڵگەنامە پێویستەکان جێبەجێ بکەن.

(5) هێڵی **کۆنترۆڵ سوپەر** بریتیە لە یەک سیمی هێڵی پریپەید کە دەتوانرێت لە ڕێی کارتی پڕکردنەوەی تایبەت بە پریپەیدەوە باڵانسی بۆ زیادبکرێت و بۆ بەشداربووانی ئاسیاسێڵ بۆ کاری بازرگانی لە ناوخۆی عێراقدا بەردەستە.

(6) ئاسیاسێڵ هیچ هێڵێکی نوێ بۆ هیچ بەکارهێنەرێک چالاک ناکات ئەگەر حەوت هێڵی بە ناوی خۆیەوە لە ئاسیاسێڵدا تۆمارکرابێت.

(7) ماوەی چڕیی هەیە بۆ بەکارهێنانی هێڵی **کۆنترۆڵ سوپەر،** کە نرخی پەیوەندییەکان لەناو هێڵەکانی ئاسیاسێڵدا کەمترە لە کاتی ماوەی دەرەوەی چڕیی لە ناوخۆی عێراقدا لە کاتی پەیوەندیکردندا.

(8) بەشداربووی هێڵی **کۆنترۆڵ سوپەر** دەتوانێت بەشداری لە یەکێک لە پاکێجەکانی ئەعمالی بکات کاتێک کە بەردەستدەبێت لەسەر داواکردنی بەشداریی:

| تایبەتمەندی هێڵ | کۆنترۆڵ سوپەر |
|---|---|
| نرخی سیمکارت | بێبەرامبەر |
| جۆری پاکێج | هەڵبژاردن |

(9) باشتر وایە بەشداری لە یەکێک لە پاکێجەکانی ئەعمالیدا بکرێت، بۆ نموونە پاکێجی تەفەوق یان بزنس فلێکس، بۆ ئەوەی سوود لە دەقە بێبەرامبەرەکانی نێوان هێڵەکانی کۆمپانیاکە وەربگریت لەکاتی چالاککردنی هێڵەکەدا.

(10) بەشداربووان دەتوانن لە ڕێی کارتی جۆراو جۆری باڵانسەوە هێڵی پریپەیدەکەیان پڕبکەنەوەو هێڵەکە بەکاربێنن، کە تێیدا کرێی بەکارهێنان حیسابی بۆ دەکرێت لە ئەگەری تەواوبوونی یەکەی پاکێجەکاندا بەپێی باجی هێڵ لە باڵانسی هێڵەکە دەڕوات، و بەشداربوو لە ڕێی نامەیەکەوە ئاگادار دەکرێتەوە لە ئەگەری تەواوبوونی یەکەکانی پاکێجەکە.

(11) بەکارهێنەر دەتوانێت بزانێت بڕی باڵانسی هێڵەکەی کە ماوەتەوە لە پارەدانی پێشوەختە لە ڕێی {USSD} بە کۆدی {*133#} (بێبەرامبەر) ئەگەر هێڵەکە ڕانەگیرابێت.

(12) بەکارهێنەر دەتوانێت یەکەی ماوەی پاکێجەکەی بزانێت لە ڕێی {USSD} بە کۆدی {*133#} (بێبەرامبەر) ئەگەر هێڵەکە ڕانەگیرابێت.

(13) لە حاڵەتی بەشداریکردن لە یەکێک لە پاکێجەکانی ئەعمالیدا، هەموو یەکەکانی پاکێجی هێڵەکە تەنها لە ناوخۆی عێراقدا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، و دەتوانرێت پاکێجی ڕۆمینگ لە دەرەوەی عێراق بەکاربهێنرێت.

(14) دەبێت باڵانسی هێڵەکە بکرێتەوە بۆ پێدانی و درێژکردنەوەی کارایی هێڵەکە، چونکە ڕەوایەتی هێڵەکە بەدوای ڕەوایەتی ئەو هێڵە پێشوەختانەدا دێت کە لە ئاسیاسێڵ بەکاردەهێنرێن لە کاتی پڕکردنەوەی هێڵەکە و بەپێی بڕی باڵانس.

(15) بەکارهێنەرانی هێڵی **کۆنترۆڵ سوپەر** دەتوانن بەشداری لە پاکێجە بەردەستەکانی ئاسیاسێڵدا بکەن لە کاتی پێویستیاندا.

(16) لە ئەگەری چالاک نەبوونی بەشداریکردن لە یەکێک لە پاکێجەکانی ئەعمالی، یان لە ئەگەری بەشداریکردن لە پاکێجێک بەڵام یەکەکانی تەواوبوودا، ئەوکات نرخی باجی پەیوەندیکردن بەپێی باجی هێڵەکە بەم شێوەیە حیسابی بۆ دەکرێت:

| باجی بەکارهێنانی دەرەوەی پاکێج | تێچوو |
|---|---|
| پەیوەندی لەناو هێڵەکانی کۆمپانیادا | 0.5 دینار/چرکە |
| پەیوەندییەکان لەناو تۆڕی ئاسیاسێڵ - کاتی چڕی کاتژمێر 8:00:00 بەیانی- 12:00:00 شەو | 2.0 دینار/چرکە |
| پەیوەندییەکان لەناو تۆڕی ئاسیاسێڵ - لە دەرەوەی چڕی 12:00:01 لە شەودا – 7:59:59 بەیانی | 1.0 دینار/چرکە |
| پەیوەندی بە تۆڕە ناوخۆییەکانی ترەوە دەکات | 2.0 دینار/چرکە |
| پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان - دەقە | پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەم هێڵەوە بۆ ئەم وڵاتانە بەردەستن (ئێران، سوریا، ئوردون، سعودیە، تورکیا، ئیمارات، ئەمریکا، کەنەدا، بەریتانیا، سوید و لوبنان) داشکاندنیان بۆ دەکرێت بە ڕێژەی 15%ی نرخی گشتی بەڵام بۆ باقی وڵاتەکان بەپێی نرخی ئاسایی دەبێت کە لە ماڵپەڕی فەرمی ئاسیاسێڵ ڕاگەیەندراوە. |
| کورتەنامە بۆ ئاسیاسێڵ بنێرە | 25 دینار/ کورتە نامە |
| کورتەنامە بۆ تۆڕە مۆبایلە ناوخۆییەکانی تر بنێرە | 60 دینار/ کورتە نامە |
| کورتەنامەی نێودەوڵەتی | 150 دینار/ کورتە نامە |
| نامەی دەنگی و ڤیدیۆیی بۆ ئاسیاسێڵ | 120 دینار/ نامەی وێنە و دەنگی |
| نامەی دەنگی و ڤیدیۆیی بۆ تۆڕە مۆبایلە ناوخۆییەکانی تر | 120 دینار/ نامەی وێنە و دەنگی |
| ئینتەرنێت | 6 دینار/ 10 کیلۆبایت |

(17) تێچووی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، ئەگەر لە ئەژمێری پێشوەختەوە حیسابی بۆ بکرێت، واتە بەپێی نرخە بڵاوکراوەکانی ئاسیاسێڵ دەبێت.

(18) زۆرترین باڵانسی حیسابی پریپەید 600 هەزار دینارە، واتە لە هەر کاتێکدا زۆرترین باڵانسی ناو هێڵەکە نابێت لە 600 هەزار دینار زیاتر بێت.

(19) سیمکارتی هێڵی **کۆنترۆڵ سوپەر** بێبەرامبەر بە باڵانسێکی سەرەتایی بێبەرامبەر {500 دینار} کاتێک هێڵەکە بۆ یەکەم جار چالاک دەکرێت.

(20) بەکارهێنەران دەتوانن سیمکارتی هێڵی **کۆنترۆڵ سوپەر** داوا بکەن لە تیمی فرۆشتنی کۆمپانیا لە ئاسیاسێڵ و هەروەها لەلایەن ناوەندەکانی فرۆشتنی ئاسیاسێڵ و بریکارەکان.

(21) ئەگەر بەکارهێنەر بەشداریبکات لە یەکێک لە پاکێجەکانی ئەعمالی، کورتەنامەیەکی بەخێرهاتن لەگەڵ وردەکارییەکانی پاکێجی هێڵەکە دەنێردرێت لە ئەگەری چالاککردنی هێڵەکە لەلایەن بەکارهێنەرەوە بۆ یەکەم جار، و تێچووی بەشداربوونی مانگانە بۆ پاکێجەکە حیسابی بۆ دەکرێت، لەگەڵ ماوەی بەسەرچوونی پاکێجەکە ڕادەگەیەنرێت.

(22) گروپێکی تایبەت دیاریدەکرێت بۆ هەر کۆمپانیایەک/خاوەنکارێک، و خولەکی مانگانەی ناو گروپەکە تەنها بۆ ئەم ژمارانە بەکار دەهێنرێت.

(23) بەشداربووانی ئاسیاسێڵ دەتوانن پرسیار لەبارەی ئەم خزمەتگوزارییەوە بکەن بە پەیوەندیکردن بە خزمەتگوزاری بەشداربووانی کۆمپانیا 323 (بێبەرامبەر).

(24) کوالیتی خزمەتگوزارییەکان هەندێک جار کەوتۆتە ژێر هۆکارگەلێکەوە کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئاسیاسێلەوەن. بە بە ڕەچاوکردنی جۆری خزمەتگوزارییەکان، ئاسیاسێڵ ناتوانێت هەموو کات گەرەنتی ئەوە بکات کە خزمەتگوزارییەکان لە هەموو ناوچەکان و لە هەموو کاتەکاندا بەردەست دەبن، یان بەبێ هیچ کەموکوورییەك دەبن کە لە ئەنجامی پچڕان یان وەستانی خزمەتگوزارییەکان سەرهەڵبدات. ڕەنگە هەندێک جار ئاسیاسێڵ کاری چاککردنەوە بۆ تۆڕەکانی ئەنجام بدات و هەڵەکان ڕاست بکاتەوە، کە لەوانەیە ببێتە هۆی پچڕانی خزمەتگوزارییەکان.

(25) بەشداربوو پابەندە بە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە، و بە گوێرەی یاساکانی عێراق، و بە تایبەتی، خزمەتگوزارییەکان بەکارنەهێنێت بۆ ئەنجامدانی هەر پەیوەندییەکی بێزارکەر، نەشیاو، هەڕەشە یان فریودەر، یان ناردنی هەر کورتەنامەیەکی بێزارکەر یان هەر ئیمەیڵێکی نەخوازراو یان بۆ ئەنجامدانی ساختەکاری یان هەر کردەوەیەکی تاوانکاری.

(26) کەسی ڕێگەپێدراوی کۆمپانیاکە یان بەکارهێنەری هێڵی سەرەکی، دەتوانێت داواکارییەک پێشکەش بە بەشی فرۆشتنی کۆمپانیاکانی ئاسیاسێڵ بکات بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی یەکێک لە هێڵە بەکارهێنراوەکان.

(27) ئاسیاسێڵ بەرپرسیار نییە لە کڕینی هیچ سیمکارتێک یان هەر بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییەکی تری ئاسیاسێڵ لە بریکاری بێ مۆڵەت یان هەر کەسێک کە ڕێگەپێدراو نییە بۆ ئەو کارە.

(28) بەکارهێنەر بەرپرسیارە لە پێشکەشکردنی زانیاری کەسیی ورد و نوێ کە بە بەڵگەنامەی ڕەوا و ڕەسەن (ئەسڵی) پشتگیری کرابێت و وەکو ئەوەی کە لە یاسا کارپێکراوەکان و فەرمان و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکانی تردا هاتووە کە لەلایەن دەسەڵاتە فەرمیەکانەوە دەرچووە.

(29) بەکارهێنەر دەبێت ئاسیاسێڵ ئاگاداربکاتەوە لە گۆڕانی هەر کام لەو زانیارییە کەسییانەی پێشکەشیکردوون لە ماوەی (3) ڕۆژدا دوای ڕوودانی گۆڕانکارییەکە.

(30) ئاسیاسێڵ بە مافی خۆی دەزانێت گۆڕانکاری بکات لە خزمەتگوزاری، ئۆفەر یان هەر بڕگەیەکی ئەم بەند و مەرجانە ، هەڵیانبوەشێنێتەوە یان دەستکاریان بکات بەبێ گەڕانەوە بۆ بەکارهێنەر(ەکان). لە ئەگەری ئەوەی کە هەریەکێک لەم گۆڕانکاریانە لێکەوتەی نەرێنی بۆ بەکارهێنەر هەبێت، ئاسیاسێڵ پێش جێبەجێکردنیان بەکارهێنەر ئاگاداردەکاتەوە و بەکارهێنەر ئازادە بەردەوامبوون لە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکە، یان بەشداریکردن لە هێڵێکی تر هەڵبژێرێت.

(31) ئاسیاسێڵ بەرپرسیار نابێت بەرامبەر بە بەشداربوو یان هەر یەکێک لە بەکارهێنەرانی لە هەر دەستدانێکی کار، داهات، قازانج، پاشەکەوتی پێشبینیکراو، لەدەستدانی هەر داتایەك، یان هەر زیانێکی ناڕاستەوخۆ یان دەرەنجامێک کە بەکارهێنەر یان بەکاربەرەکەی تووشی بووە.

(32) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەند و مەرجەکانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانمان، تکایە سەردانی ماڵپەڕی ئاسیاسێڵ بکەن: [http://www.asiacell.com/](http://www.asiacell.com/).

(33) پێناسەی "ڕۆژ" لەسەر بنەمای کاتی ناوخۆیی عێراقە، لە کاتژمێر12:00:00 نیوەشەو (00:00:00) دەست پێدەکات تاوەکو کاتژمێر 11:59:59 ئێوارە (23:59:59).

(34) بۆ لێکدانەوەی ئەم بەند و مەرجانە پشت بە ڤێرژنی عەرەبی دەبەسترێت، و هەروەها بۆ کاروبارە یاساییەکان و کاروبارە هاوشێوەکانی تر، و لە حاڵەتی هەبوونی ناکۆکی لە نێوان ڤێرژنەکانی تری ئەم بەند و مەرجانە، ئەوە ڤێرژنە عەرەبیەکە کە پشتی پێ دەبەسترێت.

(35) بەکارهێنەر پابەندە بە پێدانی هەموو ئەو بڕە باجانە یان هاوشێوەکانی کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەسەر بەکارهێنەردا دەسەپێندرێت لە هەر کاتێکدا لە ماوەی کارایی گرێبەستەکەدا یان ماوەکانی نوێکردنەوەدا، و دەبێت لەلایەن بەکارهێنەرەوە بدرێت وە بە هەر شێوەیەك کە بەپێی یاسا و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان دیاری دەکرێت.